

# با خەڵکی کوردستانیش بزانن!!

سیروان ئەمین
sirwanlatif@yahoo.com

بە پیی هەواڵی رۆیتێر 25 ئەم مانگە وەزیری دارایی فەرەنسی بە بۆنەی خانوەیەکەوە دەستی لە کار کێشایەوە.

ئەم دەس لە کار کێشانەوە لە کاتێکدا بو قسەو قسەلۆکی زۆر دەربارەی ئەو خانوە دەکرا کە وەزیری دارای فەرەنسی ئێرف جیمار بە 14 هەزار ئێۆرۆ لە سەر نەفەقەی دەولەت بە مانگانە بەکرێی ی گرتبوو ، ئەوەبوو ڕۆژی هەینی ڕابوردو جێمار ووتی من دەست لەکار دەکێشمەوە و داوای لێ بوردنی لە خەڵکی فەرەنسا کرد و ووتی من بە هەڵە هەڵس و کەوتم کردوە .

نەک تەنها لە فەرەنسا بگرە لە زۆربەی وڵاتە ئەوروپیەکاندا هەر کاربەدەستێکی دەوڵەت تەواوی دارای لە بەر چاوە وئەگەر پارە یان هەر شتێکی هەبێت دەبێ خەڵک و دەوڵەت پێی بزاننو بزانن سەرچاوەکەی لە کۆیەوەیە نەک ملک و ماڵی دەوڵەت بێت ، ئەو قسەیەش کەدەڵێن (ئەمەت لە کوێ بو) لە سەرئەم حاڵەتانە جێ بەجێ دەبێ.

ئایا تا ئێستا لە کوردستان و لەژێر دەستی هەردوو ئیدارەکەدا کەس توانیوێتی بە مەسولێک بڵی ئەرێ ئەو پارە و سەیارە و ماڵ و حاڵەتان لە کوێ .

لە وەڵامی پرسیارێکشدا ئەگەر کرا بێ لێرەو لەوێ دەڵێن برا ئەوەندە پێشمەرگە بوەو حەقی خۆی هەیە ئێسستا خۆش بژیت وەک ئەوەی کە کاتی خۆی چەکدار بوە بۆ ئەوە بوە کە دواتر پاروی دەمی ئەو خەڵکە بخوات .

ئەگەر ئێستا سەیری دارای ئەو مەسولانە بکەی کە لە کوردستان و سەر بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانە زۆربەیان نەک 14 هەزار ئێورۆ بگرە خانوی وایان هەیە ئەگەر هەموو ژیانت موچە خۆر بیت بەبەردەوامی ناتوانی زەویەکەشی بکری جگە لە سەیارە و پارەی خەوتوو کە سیش بۆی نیە پرسیار بکات ئەرێ ئەم پارەیە لە کوێ و چۆن وا کۆ کرایەوە .

19 95برادەرێکم بۆی گێرامەوە کە ڕۆژێک خزمی یەکێک لە سەرۆکی حیزبەکان کە سیارەکەی بینیوم حەزی لێ کردووە وتویەتی ئەگەر دەیفرۆشی من دەیکرم پارەش موشکیلە نی یە بەڵام دەبێ بۆم بێنێ بۆ فڵانە شوێن ،، برادەرەکەم دەڵێ کە بردم گەڕاجێکی هەبوو زیاتر لە 45 سەیارەی شازی گرانبەها ی تێدا بوو کە پرسیم ئەمانە هی کێن ؟ ووتی هەموو هی خۆمن هیوایەتم کۆکردنەوەی سەیارەی جوانە ، منیش ووتم من خەڵکم بینیوە کە پوولی پۆست کۆ دەکەنەوە بەڵام نەمبینیوە کە سەیارەی جوان کۆ بکاتەوە چونکە ئەمە زۆرتر کاری ملیادێرێکە نەک کەسێ کە تا دوێنی لە شاخ بووە هیچی نە بووە .

جارێکی تر کە سێ پرسیاری بێچو ە شێری کرد بوو ، ووتم بڕوابکە من لە هەموو ژیانم دا شێرم نە بینیوە بەڵام شێری بۆ چیە ؟ ووتی فڵان کەس هەیە کە مەسئولە لە شاری سلێمانی بۆ باخچەکەیەتی لە ، ماڵەوە باخچەیەکی ئاژەڵانی بچوکی هەیە بەڵام شێری نوقسانە .

ئەمانە تەنها چەن نمونە بوون و لە کاتێکدا بوون کە بەشیکی زۆر لە خەڵک لە هەژارێکی لە ڕادەبەدەردا دە ژیان لە کوردستان .

نیو سەدەیە خەڵکی کوردستان هیچ ئارامی و ئاسایشێکیان بە خۆ وە نە بینیوە لە زوڵم و ستەم بەو لاوە ئایا ئێستا کاتی ئەوە نە هاتوە کە خەڵکی کوردستان یەخەی مەسولە دەوڵەمەندەکان بگرن بپرسن کە سەرچاوەی ئەو هەموو خێرو بێرە لە کوێوە هاتوە ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟